# ئیبراهیم تاتلیجاش و زۆر شتی تر ... شێرزاد عومەر

ardasher21@hotmail. com

لەسەر و بەندی هاتنی تاتلیساس گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە حکومەتی ئێمە تا ئێستا نەیتوانیوە کلتوری نەتەوەیی بپارێزێت و شورەیەك بۆ ئەمنی قەومی کوردی دروست بکات و بە هەموو جیهان بسەلمێنێت کە ئێمە کوردین و دەمانەوێت بە کوردیش بژین، جا ئەوەی کوردە نایەوێت بێتە ناو ئەو بازنەیە با راستەوخۆ تەحریمی بکات لە هەڵمژینی هەوای ئازادی و نیمچە دیموکراسییەی هەرێمی کوردستان، ئەوە نەمانای ئازادی دەگەیەنێت و نە بازرگانیکردن بەڵکو ئەمە تەواو دەچێتە خانەی خیانەتکردن بەو کولتورەی کە 2704 ساڵە لە لەناوچوون دەیپارێزین، بازرگانیکردن بە کولتور و بە نەتەوایەتی ئەو پرۆژەیەبوو کە ئەوانەی لە پشت هاتنی ئەو زاتە ناموبارەکەیە بوون.

هاتنی تاتلیساس سەبارەت بە تورکیا هیچی لە هاوسەنگیەکانی ئەو وڵاتە نەگۆری تەنها ئەوە نەبی بەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە هەموومان سورترکرد لەسەر ئەوەی کە رژێمی فاشیستی ئەتاتورك چەندە لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی بووە لەو پارچەیەی کوردستان، تاتلیساس بۆ هەموومانی سەلماند کە ئەوەی خیانەت بکات لە نەتەوەکەی و نکۆڵی لێیەوە بکات ئەوا دەتوانێت پارەوپولێکی زۆر پێکەوە بنی، تاتلیساس بە دەنگێکی گەورە بە هەموو نەوەی نوێی کوردستانی گووت: من بۆ پارە خۆم فرۆشت و هاتوومە ببمە کۆیلەی ئێوە بۆ پارە و ئەوەی دەخوازێت بۆی برەقسم تا بەیانی لەپێناو پارە ئەوا من ئامادەم، گووتی: من پەروەردەی ئەتاتورکم بۆیە ناتوانم پێتان بڵێم (کوردستان).

ئافەرین حکومەت، ئافەرین دەزگاکانی راگەیاندن، ئافەرین رۆشنبیر و رووناکبیرانی وڵاتەکەم.. ئێوە ئەوەندە ساویلکە بن بتوانن (رێگەی پێبدەن، رێکلامی بۆبکەن، پرۆتستۆی نەکەن).

شەقامێك لە لاوان ئامادەن لەسەر شتی پڕوپوچ رێپێوان سازبدەن و سەر لە خەڵکی لاو بشێوێنن بەناوی پارلمانی سەرشەقام، بەڵام هەر ئەو لاوە ئامادەیە بچێت بۆ بینینی کولتورە دزراوەکانی نەتەوەکەی بە بێدەنگی، ئامادەیە بەخێرهێنانی خائین و زۆڵەکوردێك بکات، ئەوە چ وڵاتێکە و چ عەجایبستانێکە.

کێ هەیە لە لاوانی ئێمە بەدەستی تورکەکان ئەشکەنجە و ئازار نەدرابێ، دەبوایە هەر تەنها بۆ خاتری هەستی بریندارکراوی هەموو ئەو کوردانەی باکور بەتایبەت ئەوانەی نیشتەجێی ئێرەن، خەڵکی ئێمە دژی هاتنی ئەو خائینە وەستابان.

ئیبراهیم تاتلیساس تورکە، نەك هەر تورك بەڵکو خزمەتکاری تورکانە، سەماکەری تورکانە، بەسەر لاشەی کوردان، کۆیلەی تورکانە لەسەر گوندە روخاوەکانی کوردستان، تاتلیساس لە گورگە بۆرەکانی تورکانە و ئەو جاشە، هەمان ئەو جاشەیە کە لە هەڵەبجە بازن و ملوانکەی لە دەست و ملی کچانی کورد دەپچڕاند و لە پێناو مسقالی زێڕ، دیناری بەسەر لاشەی شەهیدانا جرت و فرتیان بوو، هەمان ئەو جاشەیە کە دەستی سوپای داگیرکەری گرت و شاڵاوی بەدناوی ئەنفالی چێکرد، تاتلیساس و هەموو ئەوانەی لە پشت هاتنی ئەوەوە بوون جاشی تورکن، لە پێناو سەروەت و سامانەکانیان گرنگ نییە (ناموسی کوردان، کولتور و زمانی کوردان، رەسەنایەتی و شەرەفی کوردان، هەست و نەستی کوردان) بفرۆشنەوە، چەندە شەرمم لە خۆم کرد بە بینینی سەماکانی کوردێك لەسەر تەختی

ئەتاتورك و كۆمەڵی ئەنفالچیەكان، ئەوە چ ناموس و كولتور و رەسەنایەتی و شەرەف و هەستێكی دۆڕاوە لەبەر چاو و زومی كامێرای داگیركەرە فاشیستەكان، لەناو هۆڵی لەشفرۆشە بێ مەبدەئو نەتەوە فرۆشەكان، لەپێناو چەند قرۆشی، لەپێناو هیچا خۆت و نەتەوەكەت بخەیتە هەراجی سەرخۆشیت.
تاتلیساس هات و كۆمەڵێك لاوی خەڵەتاند و دونیایەك دۆلاری فڕاند و مارشی خیانەتكردنی فێری لاوەكان كرد و (2500) مێشكی دوورخستەوە لە (حەسەن زیرەك و ماملی و كامگاران و گاباری و شڤان و.. هتد) 2500 مێشكی سڕكرد بە كولتوری تورك، 2500 هونەرمەندی كوردی زیندەبەچاڵكرد، 2500 ئاوازی رەسەنی كوردی خستە جانتاكەیەوە..
ئافەرین حكومەت، ئافرەین دەزگاكانی راگەیاندن، ئافەرین رۆشنبیر و رووناكبیرانی نەتەوەكەم، كە هەر ئازان بۆ راوەدوونانی عارەبانەچییەكانی شێخەڵا و تێهەڵدانی كاسبكارانی بازاڕی دۆلارەكە، هەرئازان بۆ عەیب دۆزینەوەی یەكتر و قوڵتر كردنەوەی شەڕی ساردی نێوان دوو ئیدارەكە و یەك نەگرتنەوەی، هەر ئازان بۆ دژایەتی كردنی یەكتر و ناو و ناتۆرە نان لەیەكتر و ململانێی نابەجێی تر..
هاتنی تاتلیساس چ جیاوازیەكی هەبوو لەگەڵ هەموو ئەو ئۆتۆمبێلە بە مینچێنراوانەی زەرقاوی، ئەو كەسی نەكوشت، بەڵام توانی 2500 مێشك لە كولتوری رەسەنی كوردی دووربخاتەوە و بتوێنێتەوە و توانی تیرۆرێكی سپی زۆر ژێر پەردە بكات و كڵاو بنێتە نەك تەنها سەری حكومەت بەڵكو هەموو ئەوانەی كە لافی نەتەوایەتی و كوردایەتی و دژایەتی داگیركەرانی كوردستان لێدەدەن، تاتلیساس و زەواهیری و زەرقاوی بۆ كورد هیچ جیاوازیەكیان نەبوو، ئەوان كوردان دەكوژن، تاتلیساس بەرنامە بۆ جەنراڵە توركەكان دادەنێت كە چۆن بیر و هەست و مێشك و كەرامەتی كورد بكوژن، بۆیە تاتلیساس جاشە و خۆفرۆشە نەك هونەرمەند، ئەوانەی لە پشتی هاتنییەوە بوون با خوێنەران بڕیاربدەن كە چین.. ؟!!!